بێلاف سەرکەوت یاریزانی جیمناستیکی هەڵبژاردەی کوردستان:

# کێشە و گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی هۆڵی تایبەتە



*** ئاستی یاریی جیمناستیك لە ئێستادا چۆن دەبینی، سەرەڕای ئەم بارودۆخەی رووی لە وەرزشی کوردستان کردووە؟**

- جمناستیك لە کوردستان بەرەو لەناوچوونە و خەریکە ئەو یارییە هەر هیچ وجوودی نەمێنێت، هۆیەکەشی لەبەر نەبوونی هۆڵی تایبەتە بە یارییەکانی جیمناستیك.

*** بۆ ئەوەی زیاتر ئاستی یاریی جیمناستیك لە کوردستان پێشبکەوێت، پێت باشە چی بکرێت؟**

-ئەگەر بمانەوێ ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت، پێویستە هۆڵی تایبەت بە یاریی جیمناستێك بکرێتەوە، چونکە ئێستا ئێمە مەشقەکانمان لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر ئەنجام دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا هۆڵەکە بچووکە و ناتوانین یاری لەم هۆڵە بکەین، هەرچەندە مەشقی خۆمان ئەنجام دەدەین، بەڵام وەکو پێویست نییە، چونکە کەلوپەلەکانی و هۆڵەکەش وەکو پێویست نییە.

*** پێتوانییە کە ئێستا یاریی جیمناستیك لە هەولێر خەریکە نامێنێت؟**

- ڕاستە، چونکە زۆر لاواز و بێ هێز بووە، لەبەر نەبوونی هۆڵ ئاستی زۆر دابەزیوە، خەریکە هەموو یاریزانە بەتواناکان واز لە یاریکردن دەهێنن و لە بری وەرزش کردن خەریکی کاری تر دەبن.

*** نەکردنەوەی پاڵەوانێتی تاچەند کاریگەڕی لەسەر ئاستی ئێوە هەیە؟**

- نەکردنەوەی پاڵەوانێتیی لەسەر ئاستی یاریزان کاریگەریی زۆری هەیە، هۆکارەکەشی زیاتر بە هۆی ئەو قەیرانە داراییە بووە کە وای کردووە پاڵەوانێتی نەکرێتەوە. لیژنەی ئۆڵۆمپی هەرێمی کوردستانیش زیاتر بایەخ بە یارییە کۆمەڵەکان دەدەن و پێویستە بایەخ یارییە تاکەکانیش بدرێت تاکو پێش بکەوێت.

*** وەکو یاریزانێك بۆ پێشخستنی تواناکانی خۆت بەرنامەت چییە؟**

- وەکو یاریزان هیچ بەرنامەیەکم نییە، چونکە لە کوردستان هیچ بەرنامەیەك پێشبینی ناکەم. یارییەکە خەریکە لە ناو دەچێت و دەبێت یاریزانانی ئەم یارییە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان کاری تر بدۆزنەوە.

*** کێشەو گرفتی ئێوە زیاتر لە چی ڕەنگ دەداتەوە؟**

- کێشە و گرفتی سەرەکیی ئێمە نەبوونی هۆڵی تایبەت و کەلو پەلی یاریی جیمناستیکە، چونکە یاریزانی زۆر باش هەیە و دەتوانین ئامادەیان بکەین، ئەگەر هۆڵ و کەلوپەلی باش هەبێت، دەتوانین ڕکابەریی بکەین لەسەر ئاستی ئاسیاش نەك تەنیا عێراق لەتواناماندا هەیە یاریی جیمناستیك زۆر بەرەو پێش ببەین، چونکە ڕاهێنەری زۆر باشمان هەیە.

*** ماوەیەکە زۆر ناتبینین و لە یاریگاکان ونی، هۆکاری ئەوە چییە؟**

- ماوەیەکی زۆرە دوورم لە بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان و عێراق، چونکە پاڵەوانێتیی لەسەر ئاستی کوردستان ناکرێتەوە لەبەر بارودۆخی دارایی، لە پاڵەوانێتییەکانی عێراقیش بەشداری ناکەین لەبەر بارودۆخی ئەمنی شارەکانی عێراق، بۆیە ماوەیەکە دەرنەکەوتووم.

*** لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوامی؟**

- نەخێر، هیچ پێوەندیم بە هەڵبژاردەی عێراق نەماوە، تەنیا لەگەڵ هەڵبژاردەی کوردستانم، هۆکاری درووکەوتنەوەشم لە

دیمانە: کارزان کانەبی

# ـــــبەت و کەلوپەلی یاری جیمناستیکە



**یاریی جیمناســـتێك لە ئێســـتادا وەکو پێویست جێگای بایەخ نییە بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا کەمیی پاڵەوانێتییەکان کاریگەریی کردۆتە سەر ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان و بگرە لە شاری هەولێریش، هەرچەندە هەولێر بەوە بە ناوبانگ بووە کە لەم یارییەدا خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش، یەکێك لەم یاریزانانەش بێلاف ســـەرکەوت-ە. ئەو یاریزانە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ناوبراو لە ریزی یانەکانی قەڵای تورکمانی و ئارارات و بنکەی وەرزشی و لاوانی هەولێر یاری کردووە، ئێستاش یاریزانی یانەی پێشـــمەرگەی هەولێر و هەڵبژاردەی کوردســـتانە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

هەڵبژاردەی عێراق بە هۆی ئەوەیە کە ناتوانم بەشداری مەشقەکانی هەڵبژاردەکە بکەم لە شاری بەغدا، لە ئێستاشدا نەك تەنیا من هیچ یاریزانێکی کوردی تێدا نەماوە.

*** بە چ یاریزانێکی نێودەوڵەتی لە یاریی جیمناستیك سەرسامی؟**

- بە یاریزانی بەناوبانگ ماراین زۆر سەرســـامم و حەزدەکەم بگەمە ئاستی ئەو، هەر چەندە تەمەنیشم وا بەسەر دەچێت.

***هیوا و ئاواتت لەم یارییە چییە؟**

- بەهیـــوای ئـــەوەم تاکو لە ژیان مـــاوم لە ناو هۆڵێکی تایبـــەت بە یارییەکانی جیمناستیك یاری بکەم، لە داهاتوودا ببمە ڕاهێنەرێکی بەتوانا و یاریزانی بەتوانا بۆ کوردســـتان پێگەیەنم بۆ ئەوەی هەموو وڵاتانی جیهان بزانن کە یاریی جیمناستیك لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە، بەهیوای ئەوەشم ئەم یارییەی ئێمە لە ناو نەچێت، چونکە خاوەن هەواداریێکی زۆرە و دەتوانین ئەنجامی شایستەش بەدەست بهێنین، بۆیە پێویستە هاوکاری بکرێن.

*** داواکاریت لەلایەنی بەرپرس چییە؟**

-بەهیوای ئەوەین لایەنی بەرپرس هاوکاریی بەردەوامی یارییە تاکەکان بێت بۆ ئەوەی ئێمەش بە ئەنجامی دڵخۆشـــکەر وەڵامیان بدەینەوە، لێرەوەش سوپاســـی ســـەرۆکی لقی هەولێری ئەم یەکێتییە دەکەین کە بەردەوامی هاوکاری یاریی جیمناتسیك بووە بە کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و بەشداری پێکردنی ئێمە بۆ ئامادەکاری بۆ پاڵەوانێتییەکانی نێودەوڵەتی کە بڕیارە لە مانگی هەشـــت و دەی ئەمساڵ بچینە وڵاتانی جۆرجیا وتورکیا.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- سوپاســـی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکاریمان دەکەین، بەتایبەتی مامۆســـتا کامەران شـــەهاب کە زۆر ماندووە لەگەڵ ئێمە، ســـوپاس بۆ گۆڤـــاری گوڵان بۆ ئـــەو گرنگیدانە بەردەوامەی کـــە بەبێ جیاوازی لە شارەکانی کوردستان بە وەرزشکارانی دەدات.




# مۆرينيۆ : هازارد له رۆنالدۆ باشتره

خۆزی مۆرينيۆ ڕاهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی باس لە وەی دەکات کە ئەدین هازارد لە کریستیانۆ رونالدۆ باشترە . ڕاهێنەری یانەی چێلسی خۆزی مۆرينيۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند ڕۆنالدۆ لە وەرزی رابردوودا ئاستێکی باشی پێشکەش کردووە و گۆڵکاری لالیگا بووە، بەڵام لە ئێستا ئاستی هازارد لە رۆنالدۆ باشترە، جیا لەوەش میسی لە وەرزی رابردوودا براوەی ٣ نازناو بووە، بۆیە ڕاهێنەرەکان دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنی باشترین یاریزانی جیهاندا گرینگی بەوە بدەن کە کام یاریزان هەوڵی داوە یانەکەی سەر بخات. هەروەها مۆرينيۆ باس لەوە دەکات هازارد شایەنی ئەوەیە لەو وەرزەدا یەکێک لەو ٣ یاریزانانەی باشترینی جیهان بێت. ڕۆنالدۆ لە دوو وەرزی ڕابردوودا ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە و براوەی تۆپی زێڕینی باشترین یاریزان بووە.

## ڕووبەڕووبوونەوە ئاگرینەکانی خولی ئیتاڵیا


خشتەی یاریەکانی قۆناغی یەکەمی خولی ئیتاڵیا ڕاگەیەندرا و تا ئێستاش یانەکان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ وەرزی نوێی ٢٠١٥-٢٠١٦. ئەمەو بەپێی خشتەکە لە گەڕی دووەمی خولەکە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاگرینی پاڵەوانی وەرزی ڕابردوو و خاوەن ریزبەندی دووەم لەخۆ دەگرێت. یانەی ڕۆما و یانە یۆڤانتۆس لە گەڕی دووەمدا لەبەرامبەر یەك یاری دەکەن، لەکاتێکدا میلان لە بەرامبەر ئیمبولی یاری دەکات، یانەی ئەنتەریش بەرەنگاری کاربی دەبێتەوە و لاتسیۆ و کیڤۆ ڤیرۆناش بە یەکەوە یاری دەکەن. لەلایەکی ترەوە لە گەڕی سێیەمی خولەکە یاری دێربی میلان لە کاتێکی نزیك ئەنجام دەدرێت، کاتێ ئەی سی میلان و ئەنتەر میلان بە یەکەوە یاری دەکەن. ئەم یارییە لە ١٣ـەی ئەیلوول ئەنجام دەدرێت، لە کاتێك خولی کالچیۆ لە ٢٣ی مانگی ئاب دەست پێ دەکات و لە یەکەم یاریشدا میلان ڕووبەڕووی ڤیۆرنیتینا دەبێتەوە، ئەنتەریش بەر ئەتلانتا کەوتووە. سەبارەت بە یاری نیوان یۆڤانتۆس و ئەنتەر میلان ئەوا لە گەڕی هەشتەمی خولەکە بەریەك کەوتوون کە یاریگای جیوزیبی میاتوا هەردوو یانە کۆدەکاتەوە.

## ئەگوێرۆ خۆشحاڵی خۆی بە هۆی چوارەم ساڵی یاریکردنی بۆ مانچستەر ستی دەردەبڕێت




یاریزانی ئەرژەنتینی و هێرشبەری یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی سێرجیۆ ئەگوێرۆ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە تێپەربوونی چوار ساڵ بەسەر هاتنی بۆ ریزی یانەی مانچستەر ستی دوای ئەوەی بە پێی بۆندێك لە یانەی ئەتلەتیکۆمەدریدەوە پێوەندی بەو یانەیە کرد. ئەمەو ئەگوێرۆ لە لاپەرەی سەرەکی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووك نووسیویەتی: یادی چوارەمین ساڵەی هاتنم بۆ یانەی مانچستەر ستی جێگای خۆشحاڵیمە و سوپاسی هەموو ئەو نامە جوانانە دەکەم کە ئاڕاستەم کراون، بۆیە لێرەوە دووپاتی دەکەمەوە کە بەم نزیکانە جارێکی دی لەگەڵ تیپەکەم دەردەکەومەوە.

شایەنی وتنە ئەگوێرۆ لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ساڵی ٢٠٠٦ لە ریزی یانەی ئەندیبیندیتی ئەرژەنتینی یاری دەکرد، دواتر گوازرایەوە یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی تا ساڵی ٢٠١١ لەمساڵیشەوە تا ئەو ساتانە لە ریزی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزییە و لەگەڵ تیپە ئینگلیزییەکە پاڵەوانیەتی خولی ئینگلیزی و یەك پاڵەوانیەتی کاپتاڵ وەنی بەدەست هێناوە.



# مانگی نۆ وادەی دەستپێکردنی خولی نایابی عێراقە

لەگەڵ ئەوەی وەرزی ڕابردوو خولی نایابی یانەکانی عێراقی بە دوورترین خول هەژمارکرا لەسەر ئاستی جیهان کە تا کۆتایی خولەکە چەندین جار بە بیانووی جۆراوجۆر خولەکە دوادەخرا، بەڵام ئەمساڵ یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی عێراقی نیازی ئەوەی هەیە کە خولەکە بە شێوازی دیکە بەڕێوە ببات و سەرجەم یارییەکانیش لە کات و ساتی دیاریکراو بێت. یەکێتیی ناوبراو لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاری ئەوەی داوە کە ئەمساڵ ٢٠ یانە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی بەشدار بێت و هەر٢٠ یانەکەش بەسەر دوو کۆمەڵە دابەش بکرێت و بە قۆناغ ئەنجام بدرێت، لە هەر کۆمەڵەیەکیشدا تەنیا ٣ یانە سەردەکەون بۆ قۆناغی داهاتوو، شەش یانەش لە هەردوو کۆمەڵەکە دەبنە تیپی سەرکەوتوو بۆ قۆناغی بژاردە، هەر شەش یانەش یارییەکانیان بە شێوازی خول بە دوو قۆناغ ئەنجام دەدەن و هەر یانەیەك زۆرترین خاڵی کۆکردەوە، دەبێتە پاڵەوانی خولی نایابی یانەکانی عێراق، لە کۆبوونەوەکەشدا یەکێتیی تۆپی پێی عێراقی ڕۆژی ١٥ی مانگی نۆی بە وادەی دەستپێکردنی یەکەم هەفتەی یارییەکانی دیاری کردووە، کۆتایی هاتنی خولەکەش لە ٣٠ی مانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٦ دەبێت، بەڵام لە ئێستاشدا ژمارەیەك لە یانەکانی عێراقی بەم بڕیارەی یەکێتیی ناوبراو ڕازی نین و هەڕەشەی پاشەکشەکردن دەکەن لە خولەکە، بۆیە یانەکانی شورتە و جەوییە و زەورا و تەلەبە ونەفتی جنوب وکارەبا و چەندین یانەی دی هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە لەسەر دژایەتیکردنی ئەم شێوازەی خولەکە، تاکو ئێستاش بە فەرمی یانەکانی کوردستان بەشدار لە خولی عێراق هیچ قسەیەکیان نەکردووە لەسەر ئەم شێوازەی بەڕێوەچوونی خولی عێراقی.

## سەرەڕای هێنانی ڕاهێنەرێکی عەرەب

# دهۆکییەکان سوورن لەسەر گرنگیدانیان بە یاریزانانی کورد

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی دهۆك نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە یاریی کۆتایی خولی بژاردەی یانەکانی عێراقی، سەرەڕای ئەوەش توانی لە یارییەکان بە تیپێکی تەواو کوردی لە یاریزانانی شاری دهۆك ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، دەستەی کارگێڕیی دهۆك، ئەم وەرزەش لەسەر هەمان بنەما کاردەکات بۆ ئەوەی بتوانێ زیاتر پشت بە یاریزانانی پاریزگای دهۆك ببەستێ. یانەکە مافی دەستبەرداربوونی بە هیچ یاریزانێکی یانەکەی نەداوە لە بڕی یاریزانانی عەرەبیش تەنیا پشت بە چەند یاریزانێکی ئەورووپی پیشەگەر دەبەستێ.



محەمەد عەلی لە ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان وتی: «دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ حازم ساڵح ـی ڕاهێنەری پێشووی تیپەکە نەگەیشتە ڕێککەوتن، بۆیە بە فەرمی گرێبەستیان لەگەڵ سائیر جەسامی ڕاهێنەری پێشووی یانەی شورتە بۆ ماوەی سێ وەرز مۆر کرد. سائیر تەنیا لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی سەرپەرشتی مەشقی یانەی دهۆك دەکات». وتیشی: «ئێمە ئەمساڵ سەرەڕای ئەوەی گرفتی داراییمان هەیە و زیاتر لە چوار ملیار دینار قەرزارین، هیچ کەسێکیش هاوکاری یانەی دهۆکی نەکردووە، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە، بۆیە داوامان لە لایەنی پێوەندیدار ئەوەیە هاوکاری یانەی وەرزشی دهۆك بکات، چونکە بارودۆخمان باش نییە».

لە بارەی دەستبەرداربوونی یاریزانانیش عەلی وتی: «تاکو ئێستا مافی دەستبەرداربوونمان بە هیچ یاریزانێك نەداوە، ئەمساڵیش بەردەوام دەبین و لە هەفتەی داهاتووش لەگەڵ سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان کۆدەبینەوە بۆ کارکردن لەسەر خولی عێراق و کوردستان بۆ وەرزی داهاتووی خولەکان و بەردەوامیش دەبین لەسەر خستنی یاریزانانی کورد و گرنگیدانیان بە یاریزانانی پارێزگای دهۆك، ئێمە قسەشمان لەگەڵ ڕاهێنەر کردووە کە مەرجی سەرەکیی ئێمە گرنگیدانە بە یاریزانانی کوردو پێشخستنیان وەکو بەرنامەی ساڵی ڕابردوومان کە زۆر سوودمان لێیان بینی، ئەمساڵیش بڕیاری ئەوەمان داوە هیچ یاریزانێکی عەرەب نەهێنین و پشت بە تواناکانی یاریزانانی کوردی شاری دهۆك ببەستین، ئەگەر ڕاهێنەریش داوای یاریزان بکات، ئێمە توانای ئەوەمان هەیە تەنیا ٣ یاریزانی پیشەگەری ئەورووپی بهێنین و بە هیچ جۆرێك یاریزانی عەرەب ناهێنین». لە بارەی بڕی گرێبەستی ڕاهێنەری ناوبراو عەلی وتی: «تەنیا بە گرێبەستێکی کەم ڕازی بووە بۆ ئەم وەرزەی خولی عێراقی و لە خولی کوردستانیش ڕاهێنەری خۆمان سەرپەرشتی مەشقی دهۆك دەکات و هیوامان زۆرە بە خۆمان و لەوانەشە ئەنجامی دڵخۆشکەر بەدەست نەهێنین، بەڵام بتوانین لە خولی عێراق بمێنینەوە.

# یانەی زاخۆ زیاتر لە یەک ملیار دینار قەرزدارە

لەگەڵ ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی وەرزشی زاخۆ کۆمەڵێك یاریزانـــی هێنایە ریـــزی یانەکەی لـــە یاریزانانی عەرەب و پیشەگەر، بەڵام نەیتوانی ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، ئەمســـاڵیش جیاواز لە ســـاڵان یانەی زاخۆ بـــە ژمارەیەکی گەورەتر دەرکەوتوون و تاکو ئێســـتا سێ یاریزانی پیشەگەری رۆمانی و چەندین یاریزانی عەرەبی شـــارەکانی ناوەڕاســـت و خـــوارووی عێراقی هێناوەتە تیپەکـــەی، لەگەڵ ڕاهێنەری بەتوانای رۆمانی ستان بۆ ئەوەی ئەمساڵ بتوانێ ئەنجامێکی جیاوازتر لە ســـاڵانی ڕابردوو بەدەست بهێنێت، یانەی زاخۆ لە ئێستادا بڕی زیاتر لە یەك ملیار دینار قەرزدارە، بەڵام ئومێدی زۆری بەم پرۆژە بازرگانییانەی یانەکە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن گرێبەستی یاریزانانی پێ دابین بکەن. لە بارەی بڕی ئەو پارەی کە یانەکە قەرزدارە، خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان

وتـــی: «ئێمە بەرنامەی تایبەتیمـــان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەسەر پێی خۆمان ڕابگرین، هەر چەندە ئێمە بە هۆی گرێبەستەکانی ساڵی ڕابردووە بڕی زیاتر لە یەك ملیار دینار قەرزداریـــن، ئەوەش بۆتە گرفت بۆ ئێمـــە، بەڵام بە هیمەتی هەموو لایەك دەتوانین ئەمساڵیش تیپەکە لە سەر پێ ڕابگرین و بتوانین ئەنجامی شایســـتە بەدەســـت بهێنین»، وتیشـــی: «گەرچی ئەو بڕە پارەیەش قەرزارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئێمە ژمارەیەك شـــوێنی بارزگانیمان هەیە و بە پارەی ئەوەش هەندێك لە گرفتەکانمان چارەسەر دەبێت، ئەمساڵیش چاومان لەوەیە کێبڕکێ لەگەڵ یانە گەورەکان بکەین لە خولی نایابی عێراقی، بە هیوای ئەوەشـــین حکومەتی هەرێم هاوکاری ماددیمـــان بکات بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر گرنگی بە تیپەکە بەدەین.»

